**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES – Gothenburg**

# بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن و میدیاکان لە سوید

**سلاویکی گەرم** ..

دەمانەوێت ئاگادارتان بکەینەوە کە رۆژی 24–6–2007 (میوان مەلەوان عومەر گولّی )پەنابەری کوردی عیراقی تەمەن 28 سالّ لە شاری یوتۆبۆری بەخۆڵواسین کۆتای بەژیانی هۆی هینا وئەم کارەستە جەرگ برە لەساحەی نێوان ئۆلیڤی و ڤالّهالەبادت روویداوە دوای ئەوەی کە چەند رۆژ بێ هەوالّ دەبێ ،ئەم پەنابەرە باوکی لەنفال کراوە لەلایەن رژیمی بەعسەوە لەشالّی 1988 وزۆربەی کەسوکاری لەدەست داوە.

بەریزان چەند مانگ بەر لە ئێستا دادگای کۆچی پەنابەران بریارێکیان هینانە ئاراوە کە ئامادەنیین چیتر ئیقامەی یەکسالی بۆ پەنابەرانی کورد تازە بکەنەوە و پەنابەرانی کوردی عیراقی رەوانەی کوردستان دەکەنەوە وە بۆ ئەم بریارەش فشاریان بۆ سەر پەنابەران دەستپێکرد و ترس لەدیپۆرتکردنەوە کراوەتە تارمایەکی کوشندە بەسەر سەری تەواوی پەنابەرانەوە و پەنابەرانیان لەباریکی رووحی و دەروونی خراپدا راگرت .

تاوانی هەموو ئەم ئینسانانە ئەوەیە داوای مافی پەنابەری دەکەن خەڵکی کۆمەڵگایەکن کە عیراقە، داگیرکراوە وتیرۆو کوشتن وسەرکوت ونائەمنی سەرتاپای ژیانی کۆمەڵگای عیراقی داگرتوە نە ئەمنیت نە حکومەت نە دەسەلاتێکی جیگیر ونە ئایندەیەکی رۆشن تیا بەدی دەکرێت.

ئێمە وەك فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە یۆتۆبۆری رۆژی دووشەمە کاتژمیر 430 ئێوارە لەبەردەم رۆژنامەی یۆتۆبۆری پۆستن خۆپیشاندان دەکەین پاشان لەویوە بەرو شۆینی رووداوەکە دەچین .. لەبەرامبەر مەرگی میوان عومەر چونکە لەدەست دانی ئەم ئینسانە لەلایەن حکومەتی سویدی بەکارێکی ئاسایی دەزانیین .کە چەند سالّ پەنابەران لەبێ وەلامی و چاوەروانی و وەیان وەلامی رەفزو هەرەشەی گیرانەوە بۆ نائەمنترین شۆینی دنیا رادەگرێت .

داواتان لێ دەکەرین ئەو رۆژە هەواڵنیرەکانتان ئامادەبن رای گشتی ئاگاداربکەنەوە لەم کارەساتە دلّتەزینە

.**هاورێ فاتح**

**بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەیۆتۆبۆری**

**2007-6-30**

---

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەژمارەی(0704454159)**

www.csdiraq.com